# زنجیرە وتار

# زمان و زمانی کوردی

هێژا تاهیر عەلیار نووسەر و لێکۆڵەر کە پێشتر چەند زنجیرە وتاری لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات بۆکاندا بڵاو بونەتەوە[١]، لە پرۆژەی تازەی خۆیدا، دەمانکاتە هاوسەفەری خۆی و ماڵە وماڵی نووسەرانی کوردمان دەگێڕێت بۆ ئەوەی جیهانی ئەفسووناوی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لە زمانی نووسەر و شاعیر و ئەدیبی کوردەوە هەست پێبکەین.

بابەتی زمانی کوردی وەک زمانی نەتەوەیەکی بێ کیانی پەنجا ملیۆن کەسی، پێویستی بە ئاوڕدانەوەی جیددی هەیە و لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێک کەس بە تایبەت لە ناوخۆی وڵات بە کاری بێوچان و درێژخایەنی خۆیان لایەنەکانی زمانێکی کۆنی پڕ لە سامانیان دەرخستووە و ئەو هیوایە دەبەخشن کە زمانی کوردی بتوانێ جێگای شیاوی خۆی لە ناو زمانە گرنگەکانی جیهان، پەیدا بکات.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان لە گەڵ بەرز نرخاندنی هەوڵی پسپۆڕان و شارەزایان لەم بوارەدا، پشتیوانی لە هەموو هەوڵێک دەکات و لە هەموو شارەزایان دەگێڕێتەوە کە بەرهەمەکانیان لەم بوارەدا بۆ ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات بۆکان بنێرن. زنجیرە وتارەکانی کاک تاهیرعەلیار لە مانگی سپتامبەری ٢٠٢٢ دەستپێدەکات و هەفتانە بڵاو دەکرێتەوە.

http://www.bokan.de/laperekan/Edebiat/edibani%٢٠bokani/T-Alyar/alyar.htm

ڕێداکسیۆنی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات بۆکان

یەکی سپتامبەری ٢٠٢٢

---

[١] تەرەغە، هەژدیها داشی، کۆشکی زارا هێمای هاوبەشی میتولۆژیک لە ناوچەی بۆکان"!،" مهاباد لە مابەینی دوو شەڕدا "، "بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا" و بابەتەکانی تر

# سەبارەت بە زمان و زمانی کوردی(بەشی ١)

ئەو سەردێرە بۆ باسکردن لە سەرزمان و زمانی کوردی دیاریکراوە و هەر مەتڵەبێک کە پێوەندی بە زمان و زمانی کوردییەوە بێ دەکرێ لە و بەشەدا بڵاو بکرێتەوە . چاوەرێین ئەو بەرێزانەی لەو بارەوە نووسێنێکیان هەیە بە ناردنی بۆچوونەکانیان ئەو بابەتە دەوڵەمەندتر کەن .  هەوەڵین مەتڵەبمان لەو بارەیەوە لە کتێبی **<u>کاروانی خەیاڵی خالید ئاغای حیسامی</u>** هەڵبژاردووە.




زۆر باشم لە بیرە مامۆستای ئەوکاتەمان کابرایەک بوو بە ناوی (میرزا رەحیم آصف) کە یا خوا ئەگەر ماوە خوای گەورە بە ختەوەری و تەمەنی درێژی پێ بدا و ئە گەر نەشماوە بە خوایەتی خۆی لێی خۆش بێ. رۆژێک چوومە دەرەوە دیتم مەلا ساڵحی کتێب فرۆش باری کتێبە کانی لە بن سێبەری دارەکانی پشت حەوزی ئاوایی خستووە مەلا ساڵح خەڵکی ئەو دیو ، ناوچەی سلێمانی بوو، هەموو ساڵێک جاریک دوجار باری وڵاخێک کتێبی دە هێنا ناوچەی ئێمە بۆ فرۆشتن و لە بەر ئەوە کە زۆر هاتووچۆی دەکرد بۆ هەموو لایەک ناسراو بوو .

له لای مەلا ساڵح دانیشتم سه یری کتێبه کانم کرد ، له ناویاندا جزوەیەکی بچوک هەبوو لێی نووسرابوو (پند نامه عطار) که لێکم کردەوه هەمووی شیعر بوو ، هەروەک له ناوەکەشی دیاره هەمووی پەند و ئامۆژگاری بوو. نەمزانی بۆچی ئەو جزوه سەرنجی منی راکێشاو چاوی منی گرت ، ویستم بیکڕم مه لا ساڵح وتی نرخی ٥ قرانه.

گوتم باشه دەچم پارەت بۆ دێنم ، چوم پارەم هێنا بەڵام هەتا هاتمەوه مه لا ساڵح باری لێنابوو رۆیشتبوو ، پرسیم بۆ کێهەلا چوو گوتیان بۆ لای خوارێ ، به غار به دوایدا رۆیشتم له خوار باغەکانی بەر دێ گرتمەوه ، گوتم: هاتووم بۆ کتێبەکه ، مەلا ساڵح له گەڵ ئەوەش بار کردنەوه و لێنانەوەی له بەر گران بوو دیسان دڵی نه شکاندم و بارەکەی کردەوه و ، کتێبەکەی پێدام ئیتر خەنی بووم. من که له کتێی دەرس بەولاوه چی ترم نەدیبوو چەندم پێ سەیر بوو کتێبێک له هەوەڵ هه تا ئاخری هه مووی هەڵبەست بێ و هیچی تری تێدا نەبێ قەتم شتی وا نەدیبوو ، ئیتر لەو رۆژەوه کار و پیشەم بوو به خوێندنەوەی ئەو کتێبه به چەشنێکی وا که هەمووم له بەر کردبوو ، ئەگەر له رێگەش دەڕۆیشتم له بەر خۆمەوه ئەو شیعرانەم دەخوێندەوه و ئێستەش لەو هەڵبه ستانه هێندێکیانم له بیره که سەرەتای بەو شیعره دەست پێ دەکا:

دلا گر خردمندی و هوشیار　　　　مکن صحبت جاهلان اختیار

ئیتر ورده ورده باوخۆش ببووم و رێگەی دیوەخانم ببۆوه ، وام لێ هاتبوو جار جار دەست له کتێبخانەی دیوەخانەکەش وەردەم که له ناو تاقەیەکدا له لای سەروی ژورەکه بوو. په ند نامه ی (عطار) وای تامی هەڵبەست پێ چێشتبووم هەر به دوای ئەو جۆره شته دا دەگەڕام . ئەو کتێبخانەیه گەوره نەبوو بەڵام جۆره کتێبێکی کۆن و له مێژینەی تێدا وەگیر دەکەوت وەک : کلیله و دمنه ، شاهنامه ، مەسنەوی ، انوار سهیلی ، خمسه نظامی ، مسلم ، تفسیر خازن ، الف لیله و زۆر کتێی چیرۆک و شتی تر که هەموویان فارسی

بوون و له ناو ئەوانە دا داستانێکی پولیسی ،جناپی بە ناوی( خانه زرد ) هە بوو لە پێشەکیەکەیدا نووسەر نووسیبووی ئەو کارەساتە سالی ١٩١٦ ئەگەر چاکم لە بیر مابێ رووی داوە و لە فەڕانسی یەوە وەرگەڕابوو بۆ فارسی، من هیچ داستانی لە وە شیرین تر و سە رنج راکێش ترم نەدیوە .

رۆژێک هەر لە ناو ئەو کتێبخانە دا دەبینم کتێبێک هەیە خەتی وەک ئەوانی تر نیە وەک فارسی دەچێ و فارسیش نییە بە زەحمەت چەند دێڕێکم لێ خوێندەوە ، ئای ، ئای کورە خۆ ئەو کتێبە کوردییە ، خۆ کتێی کوردیش هەیە ، ئەروانمە لاپەڕەی هەوەڵی بە خەتێکی گەورە لێ ی نووسراوە **شێخ ڕەزا تاڵەبانی** ئەو جار زیاتر لە هەوەڵ و ناوەڕاست و ئاخری ئەو کتێبە ورد ئەبمەوە ئەبینم لە ئاخر و ئوخریدا ئەو شاعیرە بە فارسیش شیعری گوتوە ، ئای لەو شتە سەیرە ئەوە ئەبێ ئەو کابرایە چ زانا و هەڵکەوتوویەک بێ چیتان لێ بشارمەوە لەو رۆژەوە ئیتر دیوانی شێخ رەزا منی بە جارێک لە پەندنامەی عەتتار پچرییەوە هەر لاپەڕەیەکی لەوی دی شیرین تر بە تایبەتی ئەو هەڵبەستە فارسیانەی کە سە رەتاکەی بەو شیعرە دەست پێدەکا :

نه سر از مطلع گیلان به در آرد ماهی نه علم بر کشد از سمت بخارا شاهی

کورد گوتەنی بە جارێ مێشکی منی ئاودا، ئیتر وەخت و بێوەخت ئەو هەڵبەستانە لە سەر زمانم بوون و ورینگەم پێوە دەکرد، گاڵتە و جوێن و هەڵبەستەکانی تری شێخ رەزام لە گەڵ هەر کەس لە هاوساڵانی خۆم باس دەکرد دەردەکەوت کە ئەوان لە من باشتر و زووتر ئەو هەستیار و وێژەوانە گەورە کوردە ئەناسن و هەڵبەستەکانیان لەبەرە بێجگە لەوە هەستیار و وێژەوانە گەورە کانی تری کوردیش وەک : نالی، گۆران ، حاجی قادر ، بێخود ، وەفایی ، تایر بەگ هێندێکیان دیوانی چاپ کراو و هێندێکیان شیعری دەست نووسیان لە ناو بەیاز و دەفتەردا هەیە و لە زۆر شوێن وەدەست دەکەون و چونکە لە مالەکەی ئێمەدا نین من لێیان بێخەبەرم . دیوانی وەفایی ئەو کاتە هێشتا چاپ نەکرابوو بەڵام شیرین تەشی دەڕێسێی وەفایی

وای دەنگ دابۆوە هەر پێش بڵاو بوونەوەی وڵاتی داگرتبوو، هیچ کۆڕێک نە بوو باسی ئەو هەڵبەستانەی تێدا نەکرێ و لە سەر مەعنا لێدانەوەوشی کردنەوەیان کێشە و هەرا دەست پێنەکا. خوالێخۆش بوو حاجی بایزاغای موهتەدی دێبوکری کە زانایە کی گەورە بوو لە هەر شوێنێک ئەو هەبا باسی زانست و ئەدەبیش هەبوو،، یەکێک بوو لەو کەسانەی کە مانا و ئیشارە و تەشبیهی ئەو هەڵبەستانەی لە خەڵکی تر باشتر دەزانی و دەیبردەوە سەر یەک و هەڵبەست ناسەکانی تری ئەوکاتە بۆیان دەسەلماند .

دەنگخۆشەکان بەدوایدا دەگەڕان کە بە گۆرانی بیڵێن و دەنگی خۆیانی پێ وەبرەو خەن ئاخری منیش دوای ئەوە جووتێکم کاڵە بە دوایاندا دڕی هەر لە لای دەنگ خۆشێک وەدەستم کەوتن  بەڵام راستت ئەوێ ئیتر لە دم و پلی من ناوەشێتەوە لە تەڕی و ناسکیی ئەو هەڵبەستانە بۆ تۆ خوێنەری خۆشەویست بدوێم چونکە بەراستی ئەوە کاری من نییە و هەر لە توانام دا نییە ئەو کەلێن و قوژبنانەی خەیاڵی وەفایی گەورە سەری پێدا کردووە، من نزیکی بکەوم یان سەر لە مەبەستی ئەو دەرکەم یان شی بکەمەوە یان بەو خەتە خوار و خێچەم چەند دێڕێکی لە سەر بنووسم کەوابوو باشتر هەر ئەوەیە خۆت ئەو خەزێنە وەدەست خەی کە بێ گومان تۆش وک من هەر لات وادەبێ لاپەڕەکانی ئەدەبیاتی ئەم دواییانەی کوردی لە بەرزی دا هیچی تری وایان تێدا نییە شان لە شانیان بداو خۆیان لەگەڵ راست کاتەوە.

ئەوەی سەیرە لە نوێ کردنەوەی چاپی دیوانی وەفایی دا لە ناوەندی بڵاو کردنەوەی ئەدبیاتی کوردی سەلاحەدینی ئەیوبی لە ورمێ خە رمانانی ١٣٦٤ی هەتاوی کە ئەوکاتە کاک هێمن سەرپەرشتی دەکرد شیعری شیرین تەشی دەڕێسێ یان لێ دەرهاویشتووە بە بیانووی ئەوەی کە یەکەم گومانی لێ دەکرێ شیعری وەفایی بن دووهەم شاعیر بە شێوە یەکی ئەدەبیی بێ پەردە و رووهەڵماڵدراو و ناسک لە زۆر شت دواوە  کە بە بڕوای من غەدر لە وەفایی کراو ئەو شیعرە لە رووهەڵماڵدراوی و بێ پەردەیی دا دەسکی لە

دووی پێنج خشتەکییەکانی مامۆستا میسباحی ئەرمەنی بلاّغی (ئەدەب ) ناکا کە دەڵێن بە ناوی نوسرەت خانم گوتوویە و بە و شیعرە دەست پێ دەکا:

دویٚ شەو شەوی شەممە کە لە بورج و مە و ئەختەر

ئاراستە بوو سەتحی سە را پەردەیی ئەخزەر

یان خێرو شیعری مامۆستا شێخ رەزا تاڵەبانی و زۆر شاعیری تریش کە شیعری لەوە رووهەڵماڵاو تریان هەیە وکەسیش نەک ئەو بیانووەی لە چاپکردندا پێ نەگرتوون بەلکوو باشتر لێیان وەرگیراوە و لە ناوکۆڕ و کۆمەل دا هەر ئەو بێ پەردەیی و ناسکی یە ئەو هەڵبەستانەی گەیاندۆتە لوتکە لە بەرزی دا. وەفایی شاعیرێکی زۆر کۆن و لە مێژینە نییە و ئەو دواییانەش لە مهاباد پیرە مێردی وا هەر مابوون کە خۆیان وەفایی یان دیوە و دەزانن چیرۆکی گوتنی شیرین تەشی دەڕێسێ ی وەفایی جۆن بووە کە چی ئەوان ئەوە بە بەڵگە ناگرن و دەڵێن : بەوەڕا کە ئەو شیعرە لە بە یازی دەست نووسی مە لا عەبدوڵلای گە ڵاڵەیی دا نەبووە وا دەر دەکەوێ کە شیعری وەفایی نەبێ و شیعری شوعاعی بێ توخوا چاو لەو بیانووە سە یرە کەن جا من شوعاعی بم و بزانم شیعری وەک شیرین تەشی دەڕێسێ بڵێم بۆ بە ناوی وەفایی دەیڵێم و بۆ بە ناوی خۆم نایڵێم یانی دەبێ شوعاعی لەو دەمەدا ناوی خۆی لە بیر چوبێتەوە؟ لە لایەکی تر ئەو شیعرە ئەگەر شیعری شوعاعی بێ دەبێ بێجگە لەوە شیعرێکی تریشی لەو مستەوایە دا هە بێ یان هیچ نە بێ کە سێک ناوی بیستبێ جا ئەو جار بێن شیعری بۆ لە وەفایی زەوت کەن و لە گیرفانی ئاخنن.

هەر بە راستی وەفایی لە نووسین و نە نووسینی بەیازی خەڵکی تردا سووچی هەیە؟ ئەوەش هیچ کاک هێمن ئەگەر خۆی لە چاپی نوسراوەکانی دا هەڵەیەکی بچووکی وەبەرچاو کەوتبا کوفری دوازدە ئیمامانی دەکرد و شەو و رۆژێک نەدەهاتەوە سەرەخۆ و دەیگوت : تێی .....خۆی چۆن دڵی هاتووە

ئەو غەدرە گەورە لە وەفایی بکا کە دیوانی وەفایی هەر هەمووی بە سەنگ و تەرازوو لایەکەو شیعری شیرین تەشی دەرێسێ بە تەنیا لایەک من هەر ئەو دەم کە دیوانی وەفایی بڵاو بۆوە ئەو پیلەم بە کاک هێمن گرت و داوای بەڵگەم لێکرد بۆ ئەوەی کە دەڵێ ئەوە شیعری وەفایی نییە بەڵام لەوە بە دەر کە پێی وابوو ئەو وشانەی لەو شیعرانەدا بە کاری هێناون لە شیعرە کانی تری دا نین و ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە شیعری ئەو نەبن هیچ بەلگەی تری نەبوو بەڵام هەروەک ئەودەم عەرزی خۆیم کرد وێنەی ئەوە لە شیعری خۆشی دا دەبینرێ هەموو وشەیەکی لە هەموو پارچەیەکی دا نابینرێ و بەوەش نابێ شیعرەکەی لێ بستێنن و بیدەن بە شاعیرێکی تر و شیعری شیرین تەشی دەرێسێ  بە ئاشکرا هەر ئەو گەرمی و سۆز و ناسکی و ئاهەنگ و سواری و تام و خوێ یە یان هە یە کە شیعرە کانی تری وەفایی هە یانە و جیاوازی یان لە گەڵ یەک نیە و وەفایی قۆنتەراتیشی لە گەڵ کە س نە کردبوو کە لە هەموو غەزەلەکانیدا وشە کانی پێشوو دوپات کاتەوە بۆ ئەوە کە دوایی خەلعی شیعری نە کەن .

مەبەستی من ئەوە نەبوو ببمە پارێزەری وەفایی و گلە و گازندە بێنمە سەر خۆم و مەبەستم ئەوەش نەبوو وەفایی بە خەڵک بناسێنم چونکە خۆی لەوە گەورەتر و ناسراوترە و پێویستی بەوە نیە ، مەبەستی من هەڵبەستی شیرین تەشی دەرێسێ و ئەو شیعرانەی ترە کە لەو سەردەمە دا دەگوتران و شوێنیان هە بووە لە سەر من و خە یاڵی منیان هە تا سنووری خۆشە ویستیی بوێژەکانیان رادەکێشا و هیچی تر و لەو ناوەدا چاپ نەکرانی شیعری شیرین تەشی دەرێسێ ی وەفایی لە دیوانە کەی دا هێند زەق بۆ خۆی تێ کێشا.

## سەبارەت بە زمان و زمانی کوردی

### مێژووی ئەدەبیات (٢)

زۆر کەس پێیان وایە مێژووی ئەدەبییات دایکی هەموو زانستە ئەدەبییە کانە چونکە لێکۆڵەوەرانی ئەو بوارانە بۆ دەستە بەر کردنی هەموو کە رە سە و پێویستیەکانی کاری خۆیان بە مێژووی ئەدەبییات دا دەگەڕێن. بە خوێندنەوەی مێژوو خوێنەر دەگەڵ ڕووداوەکانی ڕابردوو ئاشنا دەبێ تاڵ و شیرینەکان، جوان و ناحەزەکان ستەم و دادەکان لە کەنار داب و نەریت و عادەتە کانی خەڵک و کۆمەڵگا دا دەناسێ و فێریان دەبێ .

مێژوو دەگەڵ مێژووی ئەدەبییات فەرقیان هە یە (مێژووی ئەدەبیات ریوایەتی هەوڵەکانی ڕووح و خەیاڵی ئینسان و ڕوانین بەرەو نەزەرگایەکی باڵاتر لە هەرشتێک و تێ گەیشتن و ئازادی بێ سنوورە. لە ڕاستی دا پێناسەی هوویەت و تەبار نامەی نەتەوەییە) بەڵام مێژوو ریوایەتی ڕووداوەکانی ڕابردوو لە قۆناغێکەوە تا قۆناغێکی دیکەیە بەو جۆرەی ڕوویان داوە.

شتێکی کە لە لێکۆڵینەوە لە مێژوو دا بایەخێکی تایبەتی هەیە ئەوەیە بزانین زۆر لە ڕووداوەکان ڕاست وەک خۆیان لە تێکستە مێژووییەکان دا باس نەکراون جاری وایە ڕووداوێکی دەگمەن لە چەند سەرچاوەی مێژوویی دا بە چەند شێوە باسی کراوە و خوێنەری ژێر هەر ئەوەندە بەسە ئەو ڕووداوە لە چەند سەرچاوەدا بە یەکەوە بەراوەرد بکا ئەو جار دەزانێ چەندە گێڕانەوەکان لێک جیاوازن. ڕەنگە زێدەڕۆیی مان نەکردبێ ئەگەر بڵێین بەشێکی زۆر کەم لە ڕووداوەکانی ڕابردوو ڕاست بەو جۆرەی کە قەوماوە گەیوەتە بەر دەستمان. ئەو کێشەیە بەربەستێکی سەرەکیی لە سەر ڕێگای لیکۆڵەوەرانی مێژوو دروست کردووە بۆیە باسە مێژووییەکان بە پێچەوانەی باسە ئەدەبییەکان بە هاسانی قوبووڵ یا ڕەد دەکرێنەوە ئەمما مێژووی ئەدەبییات وانیە ئەگەر ئەو پێناسەیەی ئەدەب قوبووڵ بکەین کە (بریتییە

له کۆی بەرهەمی نووسراوە کە بەرزترین و باشترین فکر و خەیاڵ لە بەرزترین و باشترین شکڵ دا تەعبیر ) دەکا بە جوانی تەفاوەتی ریوایەتی مێژوویی مان دەگەڵ ریوایەتی ئەدەبی بۆ دەردەکەوێ. بەرهەمە ئەدەبییەکان بە جوانی دەتوانن نیشان دەری هەست و عاتیفە و وئەندێشە و هێندێک جار رووداوە مێژووییەکانیش بن. خوێنەرانی دیوانی (حافظ) بە وردبوونەوە لە غەزەلەکانی، هێندێک کارەساتی سەدەی هەشتەمیان بۆ روون دەبێتەوە کە لەوانەیە لە هیچ کتێبێکی مێژووی ئەو سەردەم دا دەستیان نەکەوێ . ئەدبیات جاری وایە دنیا وەک چۆن هەیە ئاوای دەخاتە بەرچاومان و جاری وایە وەک چۆن دەبێ بێ مێژووی ئەدەبییات هەردوو دنیامان دەخاتە بەردەست.

لە سەر بنەمای ئەو نووسراوانەی کە( زیدان،ناصیف ، الزیات ، عباسپور) و زۆر کە سی دیکە لە بارەی مێژووی ئەدەبییاتەوە نووسیویانە بە کۆ لە سەر دو ئەسڵی نە گۆڕ هاوڕان ئەویش رابردووی ئەدەبییات و دیاری کردنی رەوتی ئاڵووگۆڕەکانییە تی بۆیە مێژووی ئەدەبییات بریتیە لە داستانی چۆنیەتی زمان و ئاڵووگۆڕ لە گوزەری زەمان دا و چۆنییەتی پێوەندی ئەو رووداوە ئەدەبییانەیە یە .

لە دنیای ئەورۆ دا هەن کە سانێک کە مێژووی ئەدەبییات بە هێند ناگرن و پێیان وایە ناکرێ مێژووی ئەدەبییات هەر بیریشی لێ بکەیەوە ئەو بۆچوونە هەڵبەت بۆ سووک کردنی ئەدەبییات یان رەد کردنەوەی بایەخەکانی نییە بەلکوو ئەوانە جێ و رێیەکی ئەوپەڕی زەمان و مەکان بۆ ئەدەبییات قایلن و بەرهەمە ئەدەبییەکان ئەزەلی و ئەبەدی و خاریج لە مێژوو دەزانن . ئەو دەستەیە لە لێکۆڵەوەران دەڵێن: ئەدەبییات ئی هەموو زەمانەکان و دەورانەکانە و ئەزەل و ئەبەد لێک گرێ دراوە وجوودێکی واحید و کۆیەکی سابیت وزیندوو هەمیشە یە  هەروەها پێیان وایە هەردەقێکی ئەدەبی

دیاردەیەکی سەربەخۆیە و دەگەڵ شتی پێش خۆی و ئەوەی پاش خۆی هیچ پێوەندییەکی نییە .

 ئەمن پێم وایە بەرهەمە ئەدەبییەکان لە زەرفی زەمانی و مەکانی تایبەت دا دەڕسکێن و کارکردی موحیتی دەوروبەر ، جوغڕافیا ، سیاسەت، ئابووری ، فەرهەنگی نەتەوەکان ، میزانی عیلم و زانست ، فەلسەفە و نەزەرگە ئینتزاعی و عەینییەکان سەبارەت بە دین و دنیا لە تەنیشت عەوامیلی فەردی هەمووی ئەوانە دەتوانن لە پێک هێنانی بەرهەمی ئەدەبی دا دەوریان هەبێ ئەگەر شاعیر یان نووسەرێک لە ژێر کارکردی فکرێک دا بێ، بێ شک و گومان ئەو فکر و ئەندیشەیە لە بەرهەمەکانی دا خۆ نیشان دەدا. ئەگەر لە کۆمەلگایەک دا ستەم و ملهوڕی هەبێ هونەرمەندەکان و ئەدیبەکان بە عەمد یان بە بێ ئەوەی بەخۆبزانن لە بەرهەمەکانی خۆیاندا دەی نوێنن یا ئەگەر شاعیر و نووسەرێک لە باری ئابوورییەوە لە تەنگانە دا بێ بەرهەمەکانی لە کارکردی ئەو دیاردەیە پارێزراو نابێ. دەڵێن جاحز نووسەر و موعتەزلی بە ناوبانگی سەدەی سێهەمیی کۆچی سالە ها لە گەل نەخۆشی دەستەویەخە بووە نەخۆشیەکەی لە بەرهەمەکانی ئەوکاتی دا ڕەنگی داوەتەوە و خوێنەری ژیر بە هاسانی ڕەنگدانەوەی نەخۆشی لە نووسراوەکانی دا دەبینێ بۆیە دەقە ئەدەبییەکان ڕسکانێک لە زەمان و مەکانی خۆیان دان و ئەوە بەو مانایە نیە کە بەرهەمەئەدەبییەکان ناتوانن هەتا هەتایی بن بەلکوو هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی بە گوێرەی میزانی هونەری بوونیان هەتا هەتایین. بە زمانێکی دیکە دەتوانین بلێین بەرهەمە ئەدەبییەکان لە زەمان و مەکانێک دا دەڕسکێن ئەمما زۆر زوو لە ڕەوتی مێژوودا زەمان و مەکان بە جی دیلن و هەتا هەتایی دەبن.مەسنەویی (مولانا جلال الدین ) بەرهەمی بەرخوردی تاقانەی ئەو دەگەڵ (شمس تبریزی) یە لە زەمانێک دا ئەو بەرهەمە ڕسکاوە ئەمما زۆر زوو هەتاهەتایی(جاودانە) بووە بەرهەمی ئەدەبیی نەتەوەکانی دیکەش ئەو تایبەتمەندییانەیان هەیە.

ئەدەبییات مێژووی تایبەتیی خۆی هەیە و چونکە مێژووی ئەدەبییات مێژووی بەرهەمە ئەدەبییەکانە دەگەڵ مێژوو پێوند ی هەیە وچونکە ئاڵوگۆڕی رەوتە ئەدەبییەکان هەڵدەسەنگێنێ، بۆخۆی ئەدەبییاتە بەڵام ئەو مێژووە جیا لە مێژووی باوی رۆژ وەک (الکامل فی التاریخ ابن اثیر) و (تاریخ الرسل و الملوک طبری) یە لەوێ رووداوەکان بە ئاشکرا قابیلی باوەڕ یا جێگای گومانن رستەکان و عیبارەتەکان خەبەرین ئەمما لە ئەدەبییات دا و لە گێڕانەوەی ریوایەتە ئەدەبییەکان دا چون دەگەڵ بەیانی عاتیفە و هەست بەرەوڕووین باوەڕکردن یان نەکردن لە گورێ دانیە و لە نێو دەقە ئەدەبییەکان دا جاری وایە باسی هێندێک رووداو دەبینین کە قەت لە لێکوڵینەوەی مێژوودا تووشیان نابین . راستیان کوتووە کە : تەواوی تێکۆشانی هزری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی بەشەر مێژووی خۆیان هەیە ئینسان بوونەوەرێکی ئاڵووگۆڕ پەزیرە و هەرچی لە ئینسان رایە و بەرهەمی خۆ رێکخستنی مروف دەگەڵ جیهانە بێ شک دەگەڵ ئینسان رەوتێ ئاڵووگۆڕەکان دەپێوێ و هەموو کردەوەیەکی ئینسان مێژووی دیار و تایبەتی خۆی هەیە.

یەک لە گرینگ ترین زەحمەتە کان لە نووسین و لێکدانەوەی مێژووەکانی ئەدەبییات دابەش کردنی ئەدەبییات بە سەر دەورانی جیاواز دایە . زۆربەی لێکۆڵەوەرانی مێژووی ئەدەب سیماکان و دەنگەکان لە هەرەقەدیمەوە تا تازەترین یان بە گوێرەی زەمان دابەش دەکەن و یەک بە دوای یەک دا نێویان دینن بەشێکی دیکە لە لێکۆڵەوەران حکوومەتەکان و ئاڵوگۆڕ لە نیزامەسیاسیەکان دا دەکەنە دەسپێکی کارەکەیان و هیچ دوودڵییەک نییە کە ئاڵووگۆڕی حکومەت و نیزامی سیاسی لە شیعر و ئەدەبییات دا کارکردی هەیە و دەبێتە ئامڕازێک بۆ شێوەی نوێتر بەڵام دابەش کردنی ئەدەبییات بە سەر دەورانی سیاسی جیاواز دا ناتوانێ زۆر دەقیق بێ و لەوانەیە هێندێک گیروگرفت بەرهەم بێنێ هەوەڵین گیروگرفت ئەوەیە کە رووداوە مێژووییەکان جێگای باس و جەدەلن یانی گرووپەکان و لایەنگرانی رەوتی

سیاسیی جیاواز لە سەر ڕووداوێک بۆچوون و لێکدانەوەیان و بایەخدانانیان یەکسان نییە و لە سەر کارکردی ڕووداوەکە لە ئاڵووگۆڕەکان دا هاوڕا نین تەنانەت میزانی گرینگیی هەڵکەوتەیەکی سیاسی لە گوزەری زەمان دا وەک خۆی نامێنێتەوە و بە هۆی گۆڕان لە سەر بۆچوون لە سەر دیاردەیەکی مێژوویی ، مانای دەورانی کات وساتەکانی ئاڵووگۆڕیش دەگۆردرێ.

مێژوونووسی ئەدەبی عەڕەب (عمرفروخ) دەورەبەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەکوو دابەش کردنێکی عورفی دەبینێ و ئاماژەی بە هەڵخلیسکانەکانی ئەو دەوران بەندییەش کردووە ئەمما ددانی بەوەش داهێناوە کە بۆ نووسینی مێژووی ئەبییاتی عەڕەب چارەیەکی غەیری دەوران بەندیی سیاسی نەبووە.

کێشەی دووهەم ئەوەیە کاتێک دەورەبەندی لە سەر بنەمای ڕووداوە سیاسیە گرینگەکان ئەنجام دەدرێ ڕووداوە ئەدەبییەکان کە هەمیشە بەرکەنار لە هەلکەوتە و ئاڵووگۆڕە سیاسییەکانن وەپشت گوێ دەخرێن وەک ئەدەبییاتی کەمینەکان ، فرقە چکۆڵەکان ، ئەدەبییاتی ژنان ، ئەدەبییاتی بەرعۆدە و بەستراوە بە ئیدئۆلۆژی تایبەت ، ئەدەبییاتی منداڵان و..... سێهەمین گرفت نەبوونی هاولایەنی و نەگونجانی هەموو قالبە ئەدەبییەکان دەگەڵ هەموو دەورانە مێژووییەکانن قالبە ئەدەبییەکان لە مێژوودا یەکسان لە ژێر کارکردی عامیلە سیاسیەکان دا نین.

شێوەیەکی دیکە بۆ دەورەبەندیی ئەدەیی کەڵک وەرگرتن لە عاملی ئەدەیی وەک ، جۆرەکانی ئەدەبی ، کەسایەتییەکانی ئەدەبی و بەرهەمەئەدەبییەکانە بۆ وێنە لە ئەدەبی فارسی دا لە دەورەی هەوەڵ دازیاترین بەرهەمە ئەدەبییەکان لە نەزەر نەوعەوە حەماسەیە بۆیە دەتوانین ئەودەورانە بە دەورەی حەماسە کوتن نێو دێر کەین یان (حافظ) لە دەورەی خۆی دا گەورەترین کارکردەکانی لە سەر شیعر داناوە بۆیە دەتوانین دەورەی ئەو نێو بنێین دەورەی حافظ یان لە ئەدەبی کوردی دا دەورانی خانای قوبادی

دەتوانین نێو بنێین دەورانی مەنزوومەی عاشقانە هەرچەند گۆنەی شیعریی دیکەش لەو دەورانە دا یەگجار زۆرە ، بۆیە دەتوانین بڵێین عەوامیلی دیکەی ئەدەبی دەتوانن دەوران ساز بن.

هەڵبەت ئەو دابەشکردنەش تا رادەیەک گرفتی خۆی هەیە چونکە لە دەورانی حەماسە کوتنیش دا ئەنواعی دیکەی ئەدەبی وەکوو ئەدەبی غەنایی رەواجی هەبووە کە لەو دابەشکردنە دا لێی غافڵ بوون . یەکی دیکە لەو شێوە دابەش کردنانە ی دەورانەکانی ئەدەیی لە سەر بنەمای فیلەسووف و کۆمەڵ ناسانی بە ناو بانگە بۆ وێنە دەورەی هەوەڵی ئەدەبی فارسی دەکرێ بڵێین دەورەی (ابن سینا)یە بەڵام ئەو دابەش کردنەش بێ شک موشکیلاتی خۆی هەیە بۆ وێنە کار کردی ابن سینا لە سەر ئەدەبیااتی ئەو سەردەمە زۆر کەم رەنگە و ئەگەر دەورانە کانی دیکەش بەو چاوە ببینین هەر بەو ئاکامە دەگەین. ئەو شێوە دابەش کردنە لە ئەدەبیاتی کوردی دانیە .

تا ئێرە بۆمان روون بۆوە کە دەورە ئەدەبییەکان دەتوانین بە شێوەی جۆراوجۆر دابەش بکەین ئەمما هیچ کام لە دەورانە ئەدەبییەکان ناتوانێ هەموو موختەسات و موشەخەساتی ئەو دەورانە لە خۆی دا کۆ کاتەوە و لە هەر کام لە دابەشکردنی دەورە ئەدەبییە کان داجۆرێک کەم و کووڕی هەیە.

ئەو بەرهەمەی لە بەر دەستتان دایە مێژووی ئەدەبی کوردی لە سەرەتاوە تا شەڕی جهانیی هەوەڵە و سالە ها زەحمەتم پێوە کیشاوە و پێشم وانیە ئاخرین قسەی ئەو بابەتەم کوتووە بەڵکوو پێم وایە ئەو لێکۆڵینەوەیە دەتوانێ هەنگاوێک بێ بەرەو مێژووی ئەدەبی کوردی ئەویش لە دەورانی ئاماژە پێکراوی خۆیدا هەروەها لەو پێشەکییەدا پێویستە نێوی ئەو کەسانەش بێنم کە پێش من مێژووی ئەدەبی کوردییان نووسیوە و کەمێک باسی تایبەتمەندی بەرهەمەکانیان بکەم مەبەستم ئەو بەرهەمانەیە کە ناوەرۆکی مێژووی ئەدەبییاتیان هەیە نەک ئەو بەرهەمانەی کە لە ژێر ئەو تیترە دا بڵاو کراونەتەوە. لە قەدیمی ترینی ئەوانە کتێبی (ئەنجومەنی ئەدیبان

) بەرهەمی ئەمین فەیزی بەگە کە لە دەورەی عوسمانی و هاوزەمان دەگەڵ سیمای ئەدەبیی وەک شێخ رەزای تاڵەبانی ژیاوە . لەو بەرهەمەی دابە کورتی نێوی هێندێک شاعیری هێناوە و کەمێک لە شیعرەکانی ئەوانیشی ناساندووە و هەر چەند کتێبێکی بچووکە بەڵام زانیاری پڕ بایەخی تێدایە.

لە بەرهەمەکانی دیکەی کە بە کورتی باسی شاعیرە کوردەکانی کردووە کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)نووسینی رەفیق حیلمیە نێوی ٢٤ شاعیری هاو دەورەی خۆی هێناوە و هێندیک رووداوەکانی ژیانی ئەوانی ئاماژە پێکردووە و کەمێکیش هونەری شیعریی شاعیرانی لێکداوەتەوە ئەو کتێبەش لە هەڵسەنگاندنی کتێبەکانی مێژووی ئەدەب دا جێگای تایبەتی خۆی هەیە هەڵبەت شکڵی هێنانە گۆڕی مەتلەبەکانی ئەو کتێبە بەشێکی تەزکەرە نووسی و بەشێکی مێژوو نووسینە.

عەبدولقەریب یوسفیش کتێبێکی هەیە بە نێوی ( دیوانا کرمانجا) و تا ئەو جێگایەی بۆی کراوە نێوی شاعیرەکانی زاراوەی کرمانجیی هێناوە و بە کورتی باسی ژیانی کردوون و بەرهەمی هێندێک لە شاعیرەکانیشی لەو کتێبە دا گونجاندووە ئەو کتێبە بچووکە سەرچاوەیەکی باشە لە ئەدەبیاتی کرمانجی دا. بەرهەمێکی دیکە بە نێوی (مێژووی ئەدەبی کوردی ) نووسینی عەلائەدین سەجادیە. وادیارە هەوەڵین کتیب بێ لە ژێرناوی( تاریخ ادبیات کردی ) کە بە زمانی کوردی نووسرابێ چونکە عەلائەدین سەجادی بۆخۆی یەکێک لە ئەدیبەکان و ساحەب نەزەرانی ئەدەبی کوردییە کتێبەکەی دەگەڵ کتێبی نووسەرانی پێش خۆی لەو بوارەدا ، فەرقی هەیە و خوێنەرانی دەتوانن لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە بەهرەی لێ وەرگرن بەڵام ئەوکتێبە ئیرادێکیشی هەیە و نێوی زۆر لە ناو بەدەرەوەکان و خاوەن سەبکەکانی یان تێدانیە یان زۆربە کورتی ئاماژەی پێ کردوون ئەو شاعیرانەی عەلائەدین سەجادی بە تەفسیل باسی کردوون بریتین لە (باباتاهیر، مەلای جزیری ، بێسارانی ، ئەحمەدی خانی ، نالی ، سالم ، مەولەوی ، مەلای جەباری ،

سەید یەعقووب ، کوردی ، حاجی قادر ، مەحوی ، شێخ رەزا، سالم ، سنەیی ، مەجدی، حەریق ، ئەدەب ، پیرە مێرد ، حەمدی ، ناری ، تاهیربەگ ، زیوەر ، ئەحمەد موختار و بێکەس) هەر وەک دەبینین زۆر لە شاعیرانی بە ناوبانگ و خاوەن سەبک وەکوو ( مەلای جزیری ، فەقێ تەیران ، مەلای بانەیی، خانای قوبادی ، ئەحمەد بەگ کۆماسی، ئەرکەوازی ، فەقێ قادر هەمەوەند، وەفایی و زۆری دیکە هەڵ نە سەنگێندراون.  ئیرادێکی دیکەی کە دەتوانین لەو بەرهەمەی سەجادی بگرین نەسری ئیحساسی و عاتیفی ئەوە . ناوبراو نووسەرێکی ئەدیب و زەبەردەست بوو و لە زۆر لە داوەرییەکانی دا وا عاتیفە وئیحساس نیشان دەدا نووسینەکەی وەکوو تێکەڵێک لە نەزم و نەسر دەچێ. ئەو شێوە نووسینە قەدیم رەواجی بووە بەڵام ئەورۆ لە لیکۆڵینەوەی ئەدەبی و عیلمی دا جێگایەکی گرینگی نییە ئەو نەسرە ئیحساسیەی ئوستاد سەجادی وای کردووە کە هەموو شاعیران وەکوو ئەستێرەی درەوشاوەی عاسمانی شیعر و ئەدەب دەبینێ . ئیرادێکی دیکەی کارەکەی سەجادی کەڵک وەرنەگرتن لە رەوشی عیلمی و ئیشارە نەکردن بە دەورانە ئەدەبییەکانی ئەدەبی کوردییە لەوبارەوە بێجگە لە هێندێک داوەریی دیکە کاری مەرحوومی سەجادی ئاماژە بە رووداوەکانی ژیانی شاعیران و باس کردنی شیعری ئەو شاعیرانەیە . لە هەر حاڵدا رەنگە ئەگەر کەسێکی دیکە بە جێگای سەجادی نووسیبای لەوەی باشتر نە دەنووسی وچونکە پێشەنگە جێگای رێز و ئیحترام و ئەدەبە. بەرهەمێکی دیکە کە زیاتر لە دوو دەیە لە چاپ و بڵاوکردنەوەی تێدەپەڕێ (مێژووی وێژەی کوردی) بەرهەمی سەدیق سەفیزادەیە کە ساڵی ١٣٧٠ی کۆچیی شەمسی لە بانە لە لایەن بڵاوکەرەوەی ناجی لە دوو جڵد دا بڵاو بۆتەوە پڕە لە زانیاری بەڵام نامونەزەم و گەورەترین ئیراد لە سەر ئەوکتێبە نەبوونی موستەنەداتی پێویستە کە لە کاری لێکۆڵینەوەدا بەردی بناغەیە هەروەها دەستەبەندی و تەبەقەبەندیی موناسبیش لە کارەکەدا نابیندرێ و نێوی کەسایەتییەکانی بە بێ لێکدانەوەی رەوتە ئەدەبییەکان بە دوای یەک دا ریز کردووە و کورتەیەک لە ژیان نامە و

نموونەی شیعرەکانی هەرکامیانی هێناوە ئەو بەرهەمە جارێک چاپ کراوە و نووسەری بەرێزیش حەولی ئیسلاح و لە جاپ دانەوەی دووبارەی نە داوە.

کتێبێکی دیکە ی کە سەبارەت بە مێژووی ئەدەبی کوردی نووسراوە بەرهەمی رێزدار عادل محەمەدپوورە لە ژێر ناوی (جریان شناسی شعر کردی هورامی از ابتدا تا به امروز ) کە تایبەت بە شیعری هەورامیە و لە قەدیمەوە پێی داهاتووە و شاعیرانی ئەو زاراوەیەی ناساندووە. محەمەد پوور شیعری هەورامیی بە حەوت دەورە دابەش کردووە و شاعیرانی هەر کام لە دەورەکانی نێو دێر کردووە هەروەها شیعری هورمزگانی (کێشە لە سەری) بە پشت بەستن بە هێندێک ریوایەت بە بەرهەمی سەردەمی هێرشی عەرەب بۆ سەر ئێرانی لە ژێر ئالای ئیسلام دا داناوە لە شتە گرینگەکانی ئەو کتێبە ئاماژە کردن بە هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری هەورامیە کە جێگای سەرنجە بەڵام هێندێک لە سەرچاوەکانی جێگای تێڕامانە و ئیحساساتیشی زۆر تێ دایە .

گرینگترین کتێبی( مێژووی ئەدەبی کوردی ) کە تا ئێستا نووسراوە بەرهەمی مرحوومی مارف خەزنەدار ئوستادی پێشووی زانستگای سەلاحەدین لە هەولێرە ئەو کتێبە ساڵی٢٠١٠ ی میلادی لە بڵاوکەرەوەی( ئاراس) لە حەوت جلد دا چاپ کراوە نووسەر بەو زانیارییە قووڵ و بەربڵاوەی کە بوویەتی٤٠٠٠ لاپەڕی لە سەر مێژووی ئەدەبی کوردی نووسیوە و تا ئێستا موفەسەل ترین کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردییە . خەزنەدار لە پیش دا باسی مێژوو ، زمان و جوغرافیای کوردستانی کردووە و دوایە باسی باباتاهیر و شاعیرانی یارسانی کردووە و دوایەش هاتۆتە سەر باسی شاعیرانی گۆران و بە تەرتیبی مێژوو یەک بە دوای یەک دا شاعیرە بە ناوبانگەکانی لە هەموو زاراوەکانی کوردی دا بە ناساندێکی کورتەوە نێو دێر کردووە و بە تەفسیل وەک فورمالیستەکان حەولی داوە بەرهەمە ئەدبییەکانی شاعیرەکان بخاتە بەر لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن کە کارێکی یەگجار پڕ بایەخە و لە هێندێک

شوێن باسی ڕووداوی مێژوویی دەسەڵاتە خۆ جێیەکانی کوردی کردووە و کورتە مێژوویەکی ئەوانیشی خستۆتە بەر دەست . من بۆ نووسینی ئەو کتێبەی خۆم وەکوو سەرچاوەیەکی دەرەکی کەڵکم لێ وەرگرتووە. سەرەڕای غەنی بوونی مێژووی ئەدەبی کوردیی خەزنەدار هێندێک ئیرادیش دێتە بەرچاو وەکوو درێژکردنەوەی مەتڵەب و باس لە سەر شتی ڕوون و ئاشکرا کە بە ڕاستی خوێنەر ماندوو دەکا چونکە دەبێتە هۆی پەرێشانیی و لێک دابڕانی مەتلەب و جاروبار دووپات بوونەوەی گوتارەکان. هەروەها ناروون بوونی باسەکان و سەرجاوەکانیان کە لە لێکۆڵینەوەی زانستگادا بە هیچ جۆرێک مەقبووڵ نییە لە ئیرادەکانی بەرچاوی کاری ڕێزدار خەزنەدارە.

ئەمن حەولم داوە لەو کتێبەی خۆم دا باسی ڕەوتە ئەدەبییەکانی زمانی کوردی لە دەست پێکەوە تا شەڕی جیهانی هەوەڵ بکەم و هیچ باسێک بە بێ ئاماژە بە سەرچاوە نەهێنمە گۆڕێ و ئەگەر لە ڕاستی و دروستی مەتڵەبیک دا دوودڵیم هەبووە باسی هۆی دوودڵیەکەش بکەم . خوێنەری ورد بین بە چاوپێدا خشاندنێکی سادە دەبینێ کە باسی هێندێک کەسم نەکردووە هۆیەکەی ئەوەیە هەموو سیمایەکی ئەدەبی دەوران ساز نییە بۆیە ئەو شاعیرانەی خاوەن سەبک و دەوران سازن بە تەفسیل باسیان کراوە و ئەوانی دیکە بڕێک بە کورتی. پێم وایە هیچ کاتێک شاعیری وەک خانای قوبادی دەگەڵ مەلیک حوسێن خانی کولیایی لە تای یەک تەرازوو ناندرێن یا بێسارانی و مەولەوەی دەگەڵ فەقێ قادری هەمەوەند لە یەک ڕەدیف دانین بۆیە لەو بەرهەمەدا ئەو شاعیرانەی خاوەن سەبکن و لە سەر شاعیرانی هاوچەرخی خۆیان یا دوای خۆیان کارکردیان هەبووە زیاتر لە وانی دیکە باسیان کراوە تەنانەت نێوی هێندێک شاعیرم هەر نەهێناوە چونکە ئەوەی لە نووسینی مێژووی ئەدەبییات دا گرینگە لێکدانەوە لە سەر ڕەوتە ئەدەبییەکان لە شیعری شاعیرەکان دایە. شتێکی دیکەکە پێویستە باسی بکەم ئەوەیە کە هێندێک لە شاعیران بۆ وێنە پیرە مێرد(١٨٦٧/١٩٥٠) ی میلادی یا مەلا حەسەن دزلی (وەفات ١٩٤٥) ی میلادی و بەشێکی دیکەش

لەو دەورەی جێگای لێکۆلینەوەی ئێمە بووە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ نەکراوە هۆیەکەی ئەوەیە وا وێدەچی دەورانی کە ماڵی شیعریی ئەوان دوای شەڕی جیهانی یەکەمە یان ئەگەر لە دەورانی پێش ئەو شەڕە بووە لە مێژووی ئەدەبی کوردی دا نەخشێکی زۆر پڕ رەنگیان نەبووە .

هەر وەک پێشتر باسم کرد یەک لە سەرچاوە گرینگەکانی بۆ نووسینی ئەو کتێبە کەڵکم لێوەرگرتووە مێژووی ئەدەبی کوردیی مارف خەزنەدار بووە و چونکە لە ناساندنی بەشێک لە شاعیرانی کەمتر نێو بەدەرەوە وەکوو(مەنفی ، ئەختەر ، ثانی ، نهانی....) دەستم نە گەیشتە دیوانی شعرەکانیان بە ناچار نموونەی شیعرەکانیانم لە و بەرهەمەی خەزنەدار وەرگرتووە و لەو کتێبەم دا لە هەر جێگایەک کە نەگەڕاومەوە سەر دیوانی خودی شاعیرەکە لە کتێبەکەی خەزنەدار وەرم گرتووە هەروەها هێنانی نێوی ئەو شاعێرانە بۆ ئیشارە کردن بە پەیڕەوانی سەبکی نالی یان شاعیرانی خاوەن سەبکی دیکەیە و حەولم داوە لە هەلسەنگاندنی شاعیرە خاوەن کارکردەکان تا رادەیەک باسی تایبەتمەندی شیعرەکەیان و لە کۆتایی هەر دەورەیەک دا تایبەتمەندیی گشتیی سەبکی ئەو دەورەیەش باس بکەم کە پێم وایە روون کەرەوە و رێنوێنی رێگایە.

هەروەک پێشتریش کوتم مێژووی ئەدەبیات دەگەل مێژوو تەفاوەتی هەیە بۆیە کەم تر ئاماژەم بە رووداوی دووردرێژی مێژوویی کردووە و لە دەوران بەندیی ئەدەبی کلاسیک دا رەوشێکی غەیری رەوشەکانی باسکراوی دیکەم هەڵبژاردووە چونکە رەوشەکانی پێشووم بۆ دەورەبەندیی ئەدەبیاتی کوردی بە موناسیب نەزانیوە بۆ وێنە هەرچەند ئەردەڵانەکان حکوومەتێکی درێژخایەن یان لە سەر بەشێکی جوغرافیای کوردستان بووە ئەمما کارکردیان لە سەر ئەدەبیاتی سەبک ساز( زمانی، فکری و ئەدەبی) نە بووە نە مێژووی سیاسی نە عامیلەکانی ئەدەبی و نە جیلەکان هیچ کامیان نەیاندەتوانی یاریدەدەری دەورەبەندیی ئەدەبی کوردی بن بۆیە هیچ چارەم نەبوو غەیری

ئەوەی ئەدیبی کوردی لە سەر بنەمای زاراوەکانی کوردی دەورەبەندی بکەم . زمانی کوردی بە گوێرەی بوچوونی جەماڵ نەبەز و بەشێکی دیکە لە زمان ناسەکان خاوەنی چوار زاراوەی ئەسڵیە (کرمانجی شیمالی ، کرمانجی جنووبی ، گۆران و زازا) . دەورە بەندیی ئەدەبی کوردی لە سەر بناغەی دابەشکردنێکی ئاوا سەری گرتووە بەو تەفاوەتەوە کە زاراوەکانی (کرمانجیی جنووبی و گۆران و زازا ) م بە هۆی نزیکیی زاراوەیی تایبەت، بە یەکەوەم باس کردوون پێشم وانیە کە ئەوە دابەشکردنێکی کامیلەن دروست و مەنتیقی و ورد لە دەوران بەندیی زمانی کوردییە بەڵام تا ئەو کاتەی بگونجێ ڕەوشێکی دیکە بە کار بێنین دەتوانێ کەڵکی هەبێ. هەر چەند لە لیکۆڵینەوەکەی ئێمە دا باسی نەسری کوردی زۆر کەم ڕەنگە ئەمما لەکۆتایی کتێبەکەدا بەشیکی کورت بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کراوە و تا ئەو جێگایەی کراوە قەدیم ترین نەسرە کوردییەکان خراونەتە بەرچاو. هەر وەها بەشێکیش بۆ بەیتەکان داندراوە کە باسی لە تاریفی(ناساندنی) بەیت و تایبەتمەندییەکانی و جێ و ڕێی لە ئەدەبی کوردی دا کردووە و نموونەی لێ هێناونەوە بێ شک یەک لەو بەشەی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی کە تا ئێستا نەکراوە و دەست لێ نەدراو ماوەتەوە بەیتە کوردییەکانن ئەوەش بڵێم ئەو کتێبەی من رووی لەو کەسانەیە کە ئاشنای زمانی کوردی نین بۆیە نموونە شیعرییەکانی شاعیرانی کورد وەرگێردراونە سەر فارسی بە جۆرێک کە ناوەرۆک و مەعنای شیعرەکە بە جوانی گوێزرابێتەوە بەڵام دیسانیش وەرگێرانەوەکە ناتوانێ بێ ئیراد بێ بەشێک لە شیعرەکانیش ئەگەر وەرنەگێڕدراونەوە لە پێش یا لە پاش ئەوەی باسم کردوون شێوە وەرگەڕاوەیەکی ئەوانیشم خستۆتە بەرچاو. بۆ وێنە بەشێک لە شیعرەکانی مەلا خدری رواری .

لە جێگایەکیش لەو بەرهەمەدا کە باسی جۆری ئەدەبی لە شیعری کوردی دا دەکەم داوەرییەکی کورتم لە بارەی حەماسە لە شیعرو ئەدەبیاتی کوردی دا کردووە کە بڕێک دوودڵی تێدایە و دەمەویست لە کۆتایی کتێبەکەدا لە سەر شیعری حەماسی لە ئەدەبیاتی کوردی دا بنووسم ئەمما هەستم کرد

پێویستیم بە خویندنەوەی زیاتر لەو بارەدا و کاتی زیاتر هەیە بۆیە دامناوە بۆ داهاتوو.

چونکە هێندێک لە خوێنەرە بەرێزەکان لەوانەیە مێژووی کۆچی دەگەڵ میلادی بەراورد بکەن بۆیە مێژووە گرینگەکان بە کۆچی و میلادی نووسراون .هەروەها بۆ ئامازە بە سەرچاوەکان لە رەوشی (آ،پ،آ) کەڵکم وەرگرتووە کە پەسندترین رەوشی دنیایە و کە باسی دیوانەکانم کردووە بۆ جاری هەوەڵ ساڵی جاپ کردنەکەشیانم نووسیوە و لە جارەکانی دووهەم و سێهەم دا تەنیا شومارەی لاپەڕەکانیانم نێو هێناوە.

لە کۆتایی ئەو پێشەکییەدا لازمە لە هەموو هاوکارە عەزیزەکانم لە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی کوردستان شناسیی زانستگای ئازادی ئیسلامیی یەکەی سنە پڕ بە دڵ سپاس بکەم بە تایبەت دوکتور ئومێد وەرزەندە و جەنابی دوکتور کیانی و جەنابی دوکتور سیاری و خانم دوکتور هیمەتی و داوا بکەم خودا لێیان رازی بێ و قەربوویان بکاتەوە.

دوکتور جەماڵ ئەحمەدی

سنە ئابانی ١٣٩٤

ئەو وتارە پێشەکی دوکتور جەماڵ ئەحمەدییە کە بۆ کتێبی خۆی(تاریخ ادبیات کردی از آغاز تا جنگ جهانی اول) بە زمانی فارسی نووسیویە و وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی کوردی.

تاهیر عەلیار

درێژەی هەیە